# گفتوگۆیەک لەگەڵ هیوا قادر دا

# لە باخچەی گشتی سلێمانی



**سازدانی: ئاسۆ سەراوی**

**ئاسۆ سەراوی: گەر باس لە یادوەری منداڵیت بکەی دەڵێی چی؟**

هیوا قادر: لە "سەفەرنامە" و بەرهەمەکانی ترمدا کەم تازۆرێک باسی قۆناغی منداڵی خۆمم کردووە. منداڵی یەکەم یادوەری ئینسانە، بۆیە وەک کانگایەک لە خەیاڵ و فەنتازیا نووسەران و شاعیران هەمیشە بۆی دەگەڕێنەوە. وەک یادوەرییەک کە هەڵگری پاکێتییەکە سەبارەت بە تێڕوانین بۆ ژیان و شتەکانی دەوروبەرمان.
بۆ نمونە هەندێکجار ئەو یادوەریانە یارمەتی شاعیران دەدەن شیعر وەک ناتەباییەک دژ بە ژیان بخەنە ڕوو.

**ئاسۆ سەراوی: هەست ناکەیت لە منداڵیدا جوانییەک هەیە، هەتا نەگوزەریّ کەسمان هەستی پێناکەین؟**

هیوا قادر: بێگومان، چونکە هەمیشە منداڵی وەک کانگایەک لە پاکێتی ئینسان سەیردەکرێت، ئاخر تا ئێمە منداڵی وەک یادوەری یەکەم بەجێی نەهێڵین هەست بە تێپەڕبوونی ناکەین. بەڵام گەڕانەوەی ئێمە لە گەورەیدا بۆ یادوەری منداڵی گەڕانەوەمانە بۆ ئەو سەرچاوە پاکەی کە لە دەرەوەی زەبری گەورەیی و دڵڕەقییەکانی کۆمەڵگادا وەک خۆی ماوەتەوە، یاخود شوێنێکە دەتوانرێت ببێتە مەملەکەتی ئەو فەنتازیایانەی کە لۆژیک تێیدا ناتوانێت بژی. هەربۆیە هەمیشە گەڕانەوە بۆ منداڵی گەڕانەوەیە بۆ ئەو ساتانەی کە لە یادوەریماندا هێشتا دنیا و ژیان ناشیرین نەبوون.

**ئاسۆ سەراوی: لە نووسینەکانتدا ئەوە ڕەنگی داوەتەوە کە تائێستاش بە ڕۆحێکی منداڵانە دەژی، ئەمە مانای فەرامۆشکردنی عەقڵ و گەورەبوون و بیرکردنەوە نییە؟**

هیوا قادر: من گەورەبوون وەک عەقڵ و بیرکردنەوە فەرامۆش ناکەم، من منداڵیم تەنها لە ڕووی سەرسامییەوە دەوێت تا کۆمەکم بکات لە دۆزینەوەی جوانییەکاندا، لە بینینی ئەو شتە ووردانەی کە هەمیشە نزیکمدەکەنەوە لە ژیان.
من ئێستا چەند هەفتەیەکە لە کوردستانم، هەموو بەیانییەک زۆر زوو دێمە باخچەی گشتی، ئەم بەیانییە بەدیار جوانی گوڵەباخەکانەوە سەوداسەرو حەیران بووبووم، سنگم پڕ دەکرد لەو بۆنانەی کە وەک سیحرێک پچوکیان دەکردمەوە و دەبوومەوە بە هەمان منداڵەکەی پێش سی ساڵ لەوەو بەری ناو ئەم باخچەیە، لەخۆم دەپرسی من بۆچی زیاتر دەچمە لای گوڵەباخە زەردەکان، وەک بریسکەیەک هاتەوەبیرم کاتێک کە بۆ یەکەمجار لە قوتابخانە توانیم بنووسم "دارا" مامۆستای کوردیم مامۆستا "موحەمەد" ڕێگەی پێدام بۆنی ئەو گوڵەباخە زەردە بکەم کە بەدەستییەوە بوو.
بۆنی گوڵەکان هاوڕێکانی منداڵیم و چەتوونیەکانی خۆمی لەم باخچەیەدا بیرخستمەوە. تا ئێستاش لەلای من باخچەی گشتی جوانترین شوێنە لە شاری سلێمانیدا، ئەگەرچی بەم پەیکەرە ناهونەری و ناشیرینانەش ناشیرینیان کردووە.

**ئاسۆ سەراوی: زۆر جار ووتراوە قوتابخانە و دەزگاکانی تری خوێندن لەم وڵاتەدا، حەزی خوێندنی لە کەسەکاندا کوشتووە تۆ دەڵێی چی؟**

هیوا قادر: من وەک خۆم جگە لە چەند مامۆستایەکی دەگمەن و کەم نەبێت، لە هەموو تەمەنی قوتابخانەمدا ڕێکەوتی مامۆستای باشم نەکردووە، هەموویان کۆمەڵێک پیاوی گرگن و نەزان و بێ خەیاڵ بوون، ئەوان سەدام حوسێنە بچوکەکانی ناو قوتابخانەبوون، ئەوان وایان لە ئینسانی ئەم وڵاتەکرد ڕقیان لە کتێب بێت، ئەوەشی ڕقی لە کتێب بوو دەتوانێت ڕقی لە هەموو دنیا بێت.

**ئاسۆ سەراوی: بەڵام لە قوتابخانەکانی ئێمەدا کۆمەڵێک لەحزەی جوانیش هەیە، کە زۆرجار قوتابیان بۆ ڕزگاربوون لەو ترس و دلە ڕاوکێیە پەنای بۆ دەبەن وایە؟**

هیوا قادر: ڕاستە، بەڵام ئەو ساتە جوانانە مامۆستاکانمان و سیستەمی خوێندن بۆیان دروستنەدەکردین، بەڵکە ئەوە خەیاڵی منداڵانەی خۆمان دروستی دەکرد وەک بەرگریکردنێک دژ بەو هەموو دسیپلینە پۆلیسیانەی ناو قوتابخانە.
خۆشی ئێمە لە قوتابخانەدا لەو کاتانەوە دەستیپێدەکرد کە جەرەسی پاوسەکان لێدەدرا، یاخود تەواوبوونی وانەکان و چوونە دەرەوەمان بۆ دەرەوەی قوتابخانە.

**ئاسۆ سەراوی: زۆبەی نووسینەکانت زیاتر باسی خۆت دەکەیت، ئەوە حەزێکی دیکتاتۆریانە نییە لە تۆدا؟**

هیوا قادر: پێموانییە وابێت، چونکە کاتێک کە من باسی منداڵی خۆم دەکەم تۆش وەک خوێنەرێک بە شێوەیەک لە شێوەکانی ئەو منداڵییە ونبووەی خۆتی تێدا دەدۆزیتەوە. دەکرێت بەشێکی ڕەنگە نەرجسیەتبێت، بەڵام دواجار دەسەڵاتی من دەسەڵاتی شاعیرێکە نەک دیکتاتۆرێک، تۆ دەکرێت ویلم کەیت و

نەمخوێنیتەوە، گەر واش بکەیت من هیچ داوا و مەرجێکم لەسەر تۆی خوێنەر نییە. بەڵام تۆ ناتوانیت ئەو ئازادیی هەڵبژاردنەت لەبەردەم دیکتاتۆرێکدا هەبێت. ڕەنگە ڕاستربێت بڵێی، نووسینەکانم تا ڕادەیەک ئەنارشستیانەیە نەک دیکتاتۆریانە.

**ئاسۆ سەراوی: چەند جۆر کاسپیت کردووە؟**

هیوا قادر: لەبەردەم دوکەناکەی باوکمدا چەندەها کاسپی زۆرەملێیانە و ئارەزوومەندانەم کردووە، وەک "پەشمەک فرۆشتن، ئەزبەرید، شەمامە، جگەرە، فەریکەنۆک، ترۆزی ناو سوور، کاڵەک و شووتی"، بەڵام لە هیچیاندا دەفلسم قازانج نەکردووە. بە قەولی ئەم کۆمەڵگا دڵڕەقە من پاوێکی زۆر دەست سپی بووم. باوکم هەمیشە دەیووت: هەتیوو تۆ لە برسا دەمریت. زۆرجاران سەعات سێ و چواری شەو باوکم گڵۆپی لێکوژاندوومەتەوە بۆ ئەوەی چیتر نەخوێنمەوە، چونکە دەیووت کوێر دەبیت. بەڵام ئێستا هەستدەکەم هەمووشتێکم بەس کوێر نیم، بۆیە پێموایە جدیترین کاری من کاری ئەدەبییە، وە من بۆ هیچ کارێکی تر دەستنادەم نووسین نەبێت.

**ئاسۆ سەراوی: ئەو یاریانەی کە بە منداڵی کردووتن چیبوون، لەکامیاندا دەست ڕەنگین بوویت؟**

هیوا قادر: فوتبۆڵین، چاوشارکێ، ڕاکردن، هەڵماتێن، مزراحێن و زۆر یاری تر کە ئێستا منداڵان نایکەن، ئێمەی منداڵ ئەو کات خاوەنی فەنتازیابووین بۆ دۆزینەوەی یارییەکانمان، بەڵام ئێستا ئامادەیی کەرەستەی یارییەکان فەنتازیای لای منداڵان کوشتووە.
دیارە من چواریاخیم و گەڕەکەکەی خۆشمم خۆشدەوێت، ئەو گەڕەکەی ئێمە پڕبوو لە گەنجی سەرکێش و چەقۆوەشێن و سەگباز و هەتیوباز و شەڕانی، هەروەها کوڕانی ئازا و دانسقە و تایبەتیش. زۆرینەی کات ئێمە تێکەڵ بەو گەنجانە دەبووین، دەچووین کۆڵانەو کۆڵان شەڕە سەگمان دەکرد، هەمیشە گرفانەکانمان پڕ بوو لە خڕە بەرد و مازوو بۆ ئەوەی هەمیش لە ئامادەباشیدا بین بۆ شەڕکردن لەگەڵ منداڵانی گەڕەکەکانی تر، بەتایبەتی گەڕەکی عەقاری. چونکە ئەو منداڵانە و ژیانی ڕۆژانەیان لە ژیانی کۆڵانە میللییەکانی ئێمە جیاوازتربوو، ئێمە هەمیشە دەمانووت چۆن دەبێت منداڵانی عەقاری بیجامە لەپێبکەن و جلەکانیان وەک ئێمە دڕاو پیس نەبن، خودایە ئێمەی منداڵ لەو سەردەمەوە ئامادەدەکراین بۆ ئەو شەڕانەی کە ئێستا کۆمەڵگای کوردی پیوەی دەناڵێنێت، ئێستا هیچ کام لەو گەنجە سەرکێشانە نەماوون، زۆرینەیان چوونە شاخ و لەشەڕەکانی نێوان حکومەتی عێراقی و نێوان حیزبە کوردییەکاندا کوژران، هەندێکیان بوونە پیاوی حکومەت و کوژران، هەندێکیان لە شەڕەچەقۆکاندا کوژران، ئەوانی تریش بە مەرگی زۆر تراژیدیانە و زۆر سادە مردن. دواهەمینیان "سیروان" بوو "شبر" کە چەند ساڵێک بەر لە ئێستا دژ بە گرتنی "عەبدوڵلا ئۆجەلان" خۆی سووتاند. من هەندێکجار هەستدەکەم تەنها شاهیدی ژیانی ئەو کەسانە منم کە دەتوانم چیرۆکەکانیان بگێڕمەوە. ئێستا کار لە ڕۆمانێکی نوێمدا دەکەم بە ناوی "مداڵانی گەرەک" کە بە جۆرێک لە جۆرەکان لەدەرەوەی بە واقیعیکردنەوەی ئەوانەوە چیرۆکەکانیان سەرلەنوێ بە شێوازی خۆم دەگێڕمەوە.

**ئاسۆ سەراوی: هەستناکەیت ئەم حەزی شەڕە هەر لە منداڵیمانەوە تیاماندا چێنراوە، لە یارییە توندوتیژەکانماندا، تا دارەکانی دەستی مامۆستاکان، تەنانەت هاندانی ئێمە لەلایەن ئەو شیعرانەشەوە کە لە قوتابخانە پێیان لەبەردەکردین، هاندەربوون بۆ**

دروستکردنی توندوتیژی؟

هیوا قادر: بێگومان، ئێمە هەر زوو منداڵیان کوشتین بۆ ئەوەی زوو ئامادەبین بۆ شەڕەکان، ئێستاشی لەسەربێت هەروایە، دەبێت شەڕەکانی تری ئەم منداڵانەی کە ئێستا بەم شێوەیە بەخێودەکرێن لە گەورەبووندا چەند خوێناویتربن لەوانەی ئێمە. من شەرەکانی حیزبە کوردییەکان هەروەک شەڕە گەڕەکەکانی سەروەختی منداڵی دەبینم، دیارە بە فێڵی گەورەیی و تەماحەکانییەوە، چونکە هەر هەمان ئەو کارەکتەرانەن کە جاران شەڕە گەڕەکیان دەکرد، ئەو کات منداڵانی چوارباخ شەڕیان لەگەڵ منداڵانی عەقاریدا دەکرد بۆ ئەوەی دەستیان بگات بەو داری هەنگی دنیایانەی کە لە کۆڵانەکانی ئەواندا هەبوون. شەڕی نێوان حیزبە کوردییەکان شەڕی خێرو شەڕ نییە، شەرە لەسەر غەنیمە، شەڕە لەسەر دەستکەوتنی دەسەڵات، ئەو حیزبەشی شەڕی لەسەر دەسەڵاتکرد، جگە لە گەندەڵی هیچ شتێکی تر ناتوانێت ببەخشێ بە کۆمەڵگا.
ئێمەی منداڵ ئەو کاتانە لەسەر ئەو مانایانە پەروەردە دەکراین، کە مانای ئازایەتی و چاونەترسی و بزێوی بوو، من لەم باخچەیەدا ملی دەیان ڕیشۆڵە و چۆلەکەم هەڵکێشاوە، پشتی دەیان کیسەڵم لە جۆگەکانی نزیک شاردا شکاندووە، ئێستا کە من بەم یادوەریانەدا دەچمەوە دەمەوێت بگەم بە ڕەگی ئەو توندوتیژییەی کە هەر لە منداڵییەوە لە ئێمەدا دەچێنرا، ئەم سیستەمە کۆمەڵایەتییەی کە سیستەمێکی ئیسلامییە، سیستەمێکی یەک ڕەنگ و درۆزنە، ئازادی تێیدا نییە، ئینسانەکان دوو فاق و دژەگۆن، سیستەمی خوێندن ناشیرین و ناتەربەوییە، بازاڕ پڕە لە ڕیا، دەمی سەرکردەکان پڕە لە وادەی درۆ، سیاسەتمەدارێک نییە یەک زەڕە لە سومعەی سیاسی خۆی بترسێت، هەموو شتێک لای حیزبە ئیسلامییەکان هەیە خودا نەبێت، موراڵ وونە و کۆمەڵگەیەک بەدوای مەرگی خۆیدا ڕادەکات، کەس ئینتمای بۆ خۆی و خودا و نیشتیمان نەماوە.

ئاسۆ سەراوی: یەکەمین شەڕت لەگەڵ کێ بوو؟

هیوا قادر: من شەڕکەر نەبووم، گەر تووشی شەڕیش بووبێتم پێموانییە لەخەڵکم دابێت.

ئاسۆ سەراوی: شەڕ هەیە جوانبێت؟

هیوا قادر: شەڕی جوان تەنها ئەو شەڕەیە کە مرۆڤ لەگەڵ خۆیدا دەیکات، ئەویش بۆ گەڕانە بەدوای جوانیدا.

ئاسۆ سەراوی: کە چوویتە قوتابخانە تا چ ئەندازەیەک حەزی خوێندنت تێدابوو؟

هیوا قادر: من پێش ئەوەی بچمە قوتابخانە خۆم فێرکردبوو بنووسم "دارا"، بەڵام قوتابخانە حەزی خوێندنی کوشتم، بۆیە لە خۆمدا دژە بەرگریەکم دروستکرد ئەویش خۆشەویستیم بوو بۆ کتێب، دیارە جگە لە کتێبەکانی قوتابخانە. چەند جارێک هەلی ئەوەم بۆ ڕەخساوە ببمە مامۆستا نەمکردووە، لەبەر ناشیرینی وێنەی مامۆستا لە بیرکدنەوەمدا، دەزانی من تا ئێستاش جەدوەلی زەربم لەبەر نییە و هەر بە پەنجە ژمارەکان دەژمێرم، کە بیر لە لێکدان و لێکدەرکردن دەکەمەوە، هەست بە ئازاری پەنجەکانم دەکەم کە کاتی خۆی مامۆستای ماتماتیک پەنجەکانمی دەخستە نێوان دوو قەڵەمی ڕەساسەوە و دەیگوشی و دەیووت چۆن نازانیت حەوت کەڕەت نۆ دەکاتە چەند، منیش دەمووت نازانم، نا، نا.

ئاسۆ سەراوی: عەسکەریت کردووە؟

هیوا قادر: ئەم پرسیارە موچڕکەم پێدا دەهێنێت. چەند مانگێکی تەڵخ و ناشیرین عەسکەریم کردووە. ئەو چەند مانگەش یەکێک لەهەرە قۆناغە ناشیرینەکانی ژیانی منە. دوای کۆتایی شەڕی عێراق و ئێران و تەواوبوونی قۆناغەکانی ئەنفال و نەبوونی هیچ دەرفەتێک بۆ ڕاکردن لە شارەکانەوە، منیش وەک ئەو هەزاران هەزار کەسە ڕاکردووەی تر لە سەربازی بەر ئەو لێبووردنە گشتییە کەوتم و دواتر کردینیان بە سەرباز. من یەکەمجار لە سەربازگەی "سەلام" لە سلێمانی بووم بەسەرباز. هەموو بەیانییەک دەبوایە نزیکەی دوو کیلۆمەترێک لە دەرگای سەبازگەکەوە بڕۆین بۆ ئەو گۆڕەپانانەی کە تێیدا کۆدەکراینەوە. من هەموو بەیانییەک لەگەڵ چوونە ژوورەوە لە دەروازەی سەربازخانەکەوە زەختی خوێنم دادەبەزی، هەموو گیانم دەکەوتە لەرزین و لەناوەوە تووڕەو بێ دەستەڵات ڕۆحی خۆمم دەکرۆشت، من ئەو دیمەنانەی بەیانیان داگیریاندەکردم، تۆ بیهێنە بەرچاوی خۆت پانزە بیست هەزار کەس بەسەر ئەو ڕێگا گڵییەدا دەڕۆیشتین و قاچەکانمان لەناو قوڕی ڕێگاکەدا جلقە جلقی دەهات، هەمووان بێدەنگ و خەمبار، جگەرەکانمان دەخستە لەپی دەستمانەوە بۆ ئەوەی بارانی ڕێگا نەیکوژێنێتەوە. من لەناو ئەو عەشامەتە خەمبارەدا پەڕپوترین سەربازبووم، تاکێک لە پۆستاڵەکانم ژمارە دە و ئەویتریانم دوانزە بوو، بێرییەکی گەورە و ناشیرین و دێزم لەسەردابوو کە زوو زوو چاومی دادەپۆشی، هەندێک جار لە داخا دەمدا بە عەرزا و دواتر بەناچاری لە قوڕەکەم دەردەهێنایەوە و بەدڵی پڕەوە لە سەرم دەکردەوە، چمکی جلەکانم لە دواوە هەمیشە هاتبوونە دەرێ.
من لەو کاتانەدا بێدەنگییەکی قوڵ قوڵ دەژیام، بە هەفتە قسەم نەدەکرد، تەنها قسەم لەگەڵ ئەو لادێنشینانەدا دەکرد کە نەیاندەزانی چەپ و ڕاست بە عەرەبی یەعنی چی، ئێستاش لەبیرمە یەکێک لەو لادێ نشینە سادەدڵانە ڕۆژێکیان بۆی گێرامەوە، کە کاتی خۆی عاشقی کچێکی دێکەیان بووە و دواتر ئەو شووی کردووە، بەڵام کچەکە کراسێکی خۆی داوەتێ و ئەویش لەوکاتەوە کراسی کچەکەی کردووە بە پشتوێن و لە پشی کردووە.
لەپاش مانگێک منیان نارد بۆ شاری "کوت" لەوێ چەند مانگێک وەک ئەمین مەخزەن مامەوە و دواتر بۆ ئەبەد ڕامکرد و سەربازیم نەبینییەوە. دوای ئەوەش ڕاپەڕین ڕوویدا و ڕزگارمان بوو.

ئاسۆ سەراوی: جا ڕزگارمان بوو؟

هیوا قادر: ڕزگارمان بوو لە دزێوترین و ناشیرینترین دیکتاتۆرەکانی دنیا، بەڵام دواتر دووچاری ئەو پیاوە شاخاوییانەبووین کە مانای سیاسەتیان بەو ئاڕاستەیە نەدەزانی کە بۆ خزمەتکردن و دڵخۆشکردنی ئینسانە، ئەوان شەڕی دەسڵاتیان کرد و پشتیان کردە ئەو مۆراڵەی کە ئینسانی کوردی لەسەر ڕاهاتبوو بۆ خزمەتکردنی خۆی و بەرگریکردن لە خۆی.
دواتر بەدەست کۆمەڵێک سیاسی چاوچنۆکەوە گیرۆدەبووین کە هەرگیز لە سومعەی سیاسی خۆی ناترسێت، بۆ ئەوەی ئێمە ترسی سومعەی سیاسی بخەینە دڵی ئەوانەوە، دەبێت بیانخەینەوە ناو سندوقی دەنگدان و پێیان بڵێین تۆ تەنها کارگێڕێکیت گەر خزمەتت نەکردین دەنگت بۆ نادەین. ئەمەش هەروا ڕۆمانسیانە نابێت، دەبێت ئەم تێگەیشتنە لە ناو کۆمەڵگەی کوردیدا بچەسپێنرێت و وایلێبکرێت دەستبەرداربێت لە

هەموو ئینتیمای خوێن و حیزب و بنەماڵە، ئەمەش کارێکی شێلگیرانەی زۆر و بێ بڕانەوەی دەوێت.

**ئاسۆ سەراوی: یەکەمین دڵە خورپێی مەستانەت بۆ کێ بوو؟**

هیوا قادر: لەسەردەمی هەرزەکاریمدا موبالەغەنەبێت دەیان کچم خۆشویستووە (لە دوای کەمێک پێکەنین)، ئێستاتا کەسیان ناناسمەوە، بەڵام ئەو لەپڕ عاشقبوونانە زۆر سادەدڵ و خێراڕەوتبوون، (پێدەکەنێ) دیارە من ئێستا باوەڕم بەو جۆرە عاشقبوونانە نییە.

**ئاسۆ سەراوی: لە دراما کۆنە کوردییەکاندا حەز لە کامیان دەکەیت؟**

هیوا قادر: ئەگەر ڕاستبێت ناویان بنرێت دراما، من ئەو کاتانە سەرسامبووم بە تەمسیلی "خولەچەخماخە" کە تاڕەدەیەک جوانییەکی عەفەویی پێوە دیاربوو. هەروەها "پیسکەی تەڕپیر و بەڕێوبەری گشتی و هەندێکی تر". بەڵام لەوەتەی گەڕاومەتەوە بۆ کوردستان و هەندێک جار بە ڕێکەوت ئەو بەناو دراما و تەمسیلیانە دەبینم، زۆر تورەدەبم، بەوەی کە چۆن ئاستی تێگەیشتن بۆ هونەر و دراما سادە و نا هونەرییانەیە. بەس نییە من لە کوردستان ناژیم، دەنا دەبوو هەموو ڕۆژێک تەلەفوێنێکم لەداخی ئەم دراما خراپ و ناهونەری و ناشیرینانە بشکاندایە. ئەمەش بە شێوەیەکی گشتی ئاستی میدیای کوردی دەردەخات، کە چەندە حیزبی و کۆڵەوار و هەژارە.

**ئاسۆ سەراوی: بە منالی دەچوویت بۆ سینەما؟**

هیوا قادر: ئەوەی لە منداڵیدا کۆمەکی خەیاڵی دەکردم و چێژی ئازادی دەدامێ، چوونە سینەمابوو، کە زۆرینەی جار بە دزییەوە دەچووم، یاخود لە قوتابخانە خۆم دەدزییەوە و دەچوومە سینەما، ئەو چەند سەعاتە بۆ من فرینێک بوو جیاواز لە ڕۆیشتنی لارەملانە و خەمبارانەی من بە قەراخ دیوارەکاندا. کاتێک کە هەواڵی ڕووخاندنی سینەما "ڕەشید"م بیست لە سلێمانی، زۆر خەمبار بووم، هەستمکرد بەشێک لە منداڵی منیان ڕووخاندووە.
لەویادا فیلمی 'سینەما پارادیس"م بیرکەوتەوە و تووڕەبووم لە وەزارەتی ڕۆشنبیری کە چۆن سینەمای شارێک لەبەرچاویدا تێکدەدەن و ئەو هیچ ناکات، چۆن وەزارەتی شارەوانی ڕێگە با کارێکی وا دەدات، یان بۆ وەزارەتی ڕۆشنبیری یاریدەی ئابووری ئەو خاوەن سینەمایانە نادات تا ئەوانیش بیر لە فرۆشتن و بەبازرگانی کردنی شوێنەکانیان نەکەنەوە.
سینەما بۆ من ئێستاش یەکێکە لەو ئاسۆیانەی کە هەمیشە پڕمدەکات لە خەیاڵ و جوانی و پرسیاری ئەبەدی.

**ئاسۆ سەراوی: ڕۆیشتنە دەرەوەت بە بەرنامە بوو یاخود وەک زۆربەی گەنجان ئەم وڵاتەی خۆت بە قەدەر سپارد؟**

هیوا قادر: پێش هەڵبژاردنی یەکەمی پەرلەمان، لە ڕێگەی سوریاوە بە تورەبوون و بێ بەرنامە وڵاتم بە جێهێشت، لە ڕێگا لە شارۆچکەیەکی پچووک لەسەر دەریای ڕەش لە تورکیا، بارانی کچم لە دایکبوو، لە

دوای ئەوە چوومە ڕوسیا و پاشان گەیشتمە سوید.

من پێش ئەوەی بڕۆم لە زۆر شتی ولات توڕەبووم، سەرەتاکانی ڕاپەڕین و دواتر ناشاریبوونی حیزبی کوردی و چاوسوورکردنەوە لەیەکتری هەر زوو ترساندمیان و بە باوکم ووت: ئەم ولاتە کۆمەڵێک جەنگی خوێناوی چاوەڕوانیەتی، من بەشی خۆم لە جەنگەکانی ترم بینیوە و هیلاکم، ئیتر نامەوێت بینەر و بەشداری شەڕەکانی تربم، من دەڕۆم. من دەڕۆم بۆ ولاتی خۆشبەختی، بەلام بەداخەوە دواتر تێگەیشتم خۆشبەختی لەناو خۆمدا بوو نەک لە شوێنە دوورەکان، من لەو ڕۆژانەوە تا ئێستا ڕقم لە هەموو ماڵئاوایکردن و خوداحافیزییەکە.

### ئاسۆ سەراوی: کە چوویتە دەرەوە بە چی سەرسام بوویت؟

هیوا قادر: بێدەنگی و هێمنی سوید سەرسامی کردم، لەهەمان کاتدا ترساندیشمی. تا پێنج ساڵی یەکەم من هەموو شەوێک خەونی ناخۆشم دەبینی، وەک بورکانێک وورده وورده سارد دەبوومەوە، هەموو شەوێک سەرباز ڕاویان دەنام و من بە کۆلانەکاندا ڕامدەکرد، من هەر تەقەم دەکرد و فیشەکەکان لەبەرپێمدا دەکەوتن، من هەر دەکوژرام و زیندوو دەبوومەوە.

### ئاسۆ سەراوی: کەشی تایبەتت هەیە بۆ شیعر نووسین؟

هیوا قادر: من هەندێک خووی ناخۆشم هەیە بۆ نووسین، کە دەست دەکەم بە نووسین نامەوێت هیچ کەسێک لە ماڵەکەدا بێت، بەس تەنها هەستبکەم کەسێک لە ژوورێکی ترە ئیدی من تەوازنم تێکدەچێت. بۆیە زۆرینەی کات گەر بۆم بلوێ حەز دەکەم لە ماڵەوە تەنها بم کە دەنووسم. دەرگا لەخۆم دادەخەم و گوێ لە مۆسیقا دەگرم و نامەویت نە کەس بمبینێ نە کەس ببینم، چونکە هەندێکجار لەو کاتانەدا خۆشم لە خۆم دەترسم.

### ئاسۆ سەراوی: پرسیارێکی شەخسیم هەیە دەمەوێت بزانم هۆکاری چیبوو لە خێزانی یەکەمت جیابوویتەوە؟

هیوا قادر: ئەمە تەنها تایبەتە بە ژیانی خۆمەوە، دەبێت ئەوە بزانین چەندە زەواج ڕەوایەتی هەیە، جیابوونەوەش هێندە خاوەنی ڕەوایەتییە.

### ئاسۆ سەراوی: ئەگەر بە حەزی خۆت بێت حەز دەکەیت چەند ساڵ بژیت؟

هیوا قادر: حەزدەکەم تا ئەبەد بژیم، من زۆر ڕقم لە مردنە. دەنا حەزدەکەم 90 ساڵ بژیم، بەلام بە ڕۆحیەتێکی گەنجانەوە کە هەمیشە هەستبکەم هەر 17 ساڵم و گەورە نەبووم.

### ئاسۆ سەراوی: ئەو نامانەی لەگەڵ سەحەر رەسایی هاوسەرتدا بلاوتکردۆتەوە بە واقیعی بوونیان هەیە؟

هیوا قادر: بێگومان، ئێمە ئەو نامانەمان هەمووی بۆ یەکتری ناردووە. بەلام من وەک عادەتی هەمیشەییم هەموو نووسینێکم تا ساتی بلاوکردنەوەی دەستکاری دەکەم، من هەندێک دەستکاریم لە نامەکانی خۆمدا کردووە، بەلام سەحەر نا، ئەو وەک خۆی چۆن نوسیویەتی و بۆی ناردووم ئاوا بلاوی کردونەتەوە.

**ئاسۆ سەراوی: هەستناکەیت پەلەتان کردووە لە بڵاوکردنەوەی نامەکان؟**

هیوا قادر: ئەوە بۆچوونی کەسانێکە کە لەئازادی و کرانەوە دەترسن، دەنا بۆ دەبێت تەنها دوای مردن نامەکان و یاداشتەکانی نووسەران بڵاوبکرێنەوە. من لێت دەپرسم بۆ دەبێت بڵاوکردنەوەی جوانی دوابخرێت. ئەو نامانەی من و سەحەر نامەی قۆناغێکی یەکتر ناسینی دوو کەسە، دوو نووسەر کە باس لە عەشق و ژنبوون و دنیا دەکەن. وە پەیوەندی تەنها بەو قۆناغەی ژیانی من و ئەوەوە هەیە. هەروەها ئەدەبی نامەش لە دنیادا ئەدەبێکی کراوە و ئازادە، بەڵام بە داخەوە لە ئەدەبی کوردیدا خاوەنی کایەیەکی ئازاد نییە، هەرە هۆی ئاشکراشی دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی ئیندڤید و ئازادی و کرانەوە.

**ئاسۆ سەراوی: بە شاعیرانی کلاسیکی بە کامیان سەرسامی؟**

هیوا قادر: مەحوی و نالی

**ئاسۆ سەراوی: ئەی بە شاعیرە گەنجەکان؟**

هیوا قادر: ماردین ئیبراهیم، هێمن حەمەجەزا.

**ئاسۆ سەراوی: حەزدەکەیت چ هونەرمەندێک شیعرەکانت بکاتە گۆرانی؟**

هیوا قادر: عەدنان کەریم و دیاری قەرەداغی.

**ئاسۆ سەراوی: ئەو حاڵەتانە کامانەن کە دەبێتە هۆی ڕشتنی فرمێسک لەلای تۆ؟**

هیوا قادر: ئەو حاڵەتانە زۆرن، ڕەنگە لە لەحزەی زۆر پچوکدا دەست بکەم بە گریان و ژیرنەبمەوە.

**ئاسۆ سەراوی: ئەگەر وەسێت بکەیت بۆ نەوەی دوای خۆت دەڵێی چی؟**

هیوا قادر: من لەو پیاوانە نیم کە وەسێت دەکەن، هێندە نەبێت دەڵێم ئەوەی ئەم دنیایە ڕزگاردەکات، جوانییە.

**ئاسۆ سەراوی: بەڵام جوانیش لە دیدی هەریەکێکمانەوە کۆمەڵێک شتی جیاوازە، وایە؟**

هیوا قادر: ئاخر کارەساتی گەورەش ئەوەیە کە جوانی یەک مانای هەبێت، کە جوانی بوو بە موتڵەق دەبێت بە دیین.